کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-9-2007 20:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هاوارنامەکەی کوردستان نێت بۆ سەرۆکی حکومەت و رۆژنامەی نێوەند ... ستێڤان شەمزینانی- سەرنووسەری رۆژنامەی نێوەند**

Shamzini79@hotmail. com

رۆژی 18\9\2007 برای زۆر ئازیز وهێژامان کاك (عومەر فارس) بەرپرسی ماڵپەڕی کوردستان نێت لەهاوارنامەیەکدا کە ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (نێچیرەڤان بارزانی) کردووە باسی لە مەترسییەکانی برین و کەمکردنەوەی مینحەی رۆژنامە ئەهلییەکان کردووە لەلایەن حکومەتەوە، لەوێدا باسی لەرۆژنامەی (نێوەند) و ئێمەی ستافی رۆژنامەکەی کردووە وەك رۆژنامە و رۆژنامەنووسی جددی و ئازاد وماندووونەناس، پاشان ئاماژەی بەوەداوە دەبێت حکومەت بودجە بۆ ئەو رۆژنامانە بگێڕێتەوە کە بەپێی ئەو بڕیارە مینحەکانیان



کەمکراوەتەوە یان بڕاوە بەڵکو داوای قەرەبووکردنەوەیانی کردووە لەگەڵ پێدانی بودجەی زیاتر بۆ رایی کردنی کارەکانیان.

ئێمە وێڕای سوپاسی بەڕێوەبەری کوردستان نێت دەمانەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین رۆژنامەی (نێوەند) کەماوەی چوار ساڵی بەردەوامە دەردەچێت و بە گەواهیی هەموو لایەك رۆژنامەیەکی پرۆفیشناڵ و سەرکەوتوو و بێلایەن و ئازاد بووە لەهەمان کاتدا سەکۆیەکی ئازادی هەموو ئەو کەس و لایەن و شەپۆل و رەوتانە بووە کە وشەیەکیان هەبووە بۆ وتن، ئازارێکیان هەبووەو ویستویانە هەموو لایەکی لێ ئاگادار بکەن، ئەم پرۆژەیە (نێوەند) نە وشەیەکی مقەستکاریی کردووە نە موهاتەرات و جنێویشی داوە بگرە بەدرێژایی دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە تاکە پۆزشێکی بۆ هیچ کەس و لایەنێك نەهێناوەتەوە ئەمەش دەرخەری بەئاگایی ستاف و ئەمانەتی کاری رۆژنامەنووسی و رەچاوکردنی ئیتیك و مۆراڵی رۆژنامەنووسیی بووە، ئەم رۆژنامەیە نە پاساوی بۆ گەندەڵی هێناوەتەوە نە فیشەکی ناوە بە تاریکە شەوەوە بە پێچەوانەوە بەوپەڕی راستگۆیی و ئەمانەتەوە هەر هەواڵ و بابەتێکی بڵاو کردۆتەوە.

نە چۆتە شەڕی بێ مانای دەستەو تاقم و حیزبەکانەوە نە درێغی کردووە لە وتنی ئەو رەخنانەی دەبوو بوترێن، نەئازاری هەستی کەسی داوە نەسڵەمیوەتەوە لە درکاندنی هەر هەقیقەتێك بۆ بەرژەوەندیی گشتیی، نە بەناوی دیسپلینەوە خۆی لغاو کردووە نە بەناوی ئازادییەوە خوا وەکیلانە بەهەموو کەسێکدا نووساوە، نەگوێی خۆی خەواندووە لەرووداو و پێشهاتەکان نە هەنگاوێکی ناوە جێی مەترسی بێت بۆ ئەمنی نەتەوەیی، (نێوەند) بەپڕاوپڕی وشەکە نێوەند بووە لە نێوان خەڵك ودەستەڵاتدا وهەمیشە بەو نەفەسە کاری کردووە تا لەچێوەی کاری رۆژنامەوانی دەرنەچێت و کارەکانی لەبوار و جێگەی تروەوە سەر دەرنەهێنێت، بڕۆن سەیری هەموو مانشێتەکانی (نێوەند) بکەن یەك دانە مانشێت نابینیت هانی ناکۆکی بدات، یەك مانشێتی موخابەراتی نابینیت، یەك مانشێتی حیزبی نابینیت، یەك مانشێتی تەشهیری نابینیت، یەك مانشێتی هەڵخەڵەتێنەر و فریودەرانە نابینیت بەڵکو سەرلەبەریان زادەی ئەقڵێکی رۆژنامەوانی ئازاد و سەربەخۆ و پرۆفیشناڵن کە تەنیا نەتەوە و نیشتمانی پێش هەموو شتێك خستووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org

21-9-2007 20:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەم ڕۆژنامەیە قوتابخانەیەکی زۆر زیندوو بووە، تەنانەت دوو ڕۆژنامەی تر لەهەناوی نێوەندەوە هاتوونەتە بوون و تائێستا لە دەرچوون بەردەوامن، ئەمە جێگەی شانازییە هەم بۆ (نێوەند) هەم بۆ شەخسی خۆم وەك سەرنووسەر کە دوو پەیامنێری ڕۆژنامەکەم توانیان لە (نێوەند) داخۆیان پێبگەیەنن وئێستا وەك سەرنووسەری دوو ڕۆژنامە کاربکەن

(نێوەند) زیاتر لە بیست ڕۆژنامەنووسی گەنجی پێگەیاندووە کە پێش دەرچوونی (نێوەند) لەهیچ ڕۆژنامەو کەناڵێکی دیکە کاریان نەکردبوو تەنانەت کۆی ئەندامانی ستاف جگە لە (ئاسۆ عوسمان – بەندە) هەموویان بۆ یەکەمجاربوو لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا کاربکەن کە هەنووکە بەشێکیان ڕۆژنامەنووسی ناسراو ودانپیانراویان لێ دەرچووە، (نێوەند) بێجگە لەوەی ڕۆژنامەیەکی ئازاد بووە جوڵانەوەیەکی بەهێزی ڕۆشنبیریی بووە تا ئەو ئەندازەیەی لەسەرەتاوە پێیان دەوتین نێوەند پرۆژەیەکە لە چەشنی ڕوانگە یان ڕەهەند و بە نێوەندگەرا وەسفیان دەکردین، (نێوەند) ڕۆژنامەیەکە بەدەر لەهەموو ئەمانە لەگەڵ دواکەوتنی هەر ژمارەیەکیدا سەدان کەس هەواڵی دەپرسن چونکە خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە، جێگەی خۆی هەیە، هەرچەندە ڕۆژنامەکە نوخبەوییە بەڵام لە ئاستی جەماوەریشدا ژمارەیەکی زۆر خوێنەری هەیە، دواجار (نێوەند) خەونی کۆمەڵێك کوڕ و کچی گەنجە کە دەیانەوێت خۆیان بن و لەگەڵ پرۆژەی سەربەخۆی خۆیاندا بژین و کاربکەن، نێوەند کۆرپەیەکی چوار ساڵەیە کە کۆمەڵێك کوڕ و کچی گەنجی شاری سلێمانی دایك و باوکین، نێوەند پرۆژەیەکە نە دەتوانین لەبیری بکەین نە دەتوانین دەستبەرداری بین.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەم پرۆژەیە هەمیشە تووشی قەیرانی دارایی بووە هەر ئەم هۆکارە وایکردووە چەندان جار لەلایەن چەندان بەرپرسی هەردوو حیزبەوە بانگ بکرێین تا نێوەند بخەینە سەبەتەکانیانەوە و قەڵەمەکانمان بفرۆشین ئێمە نە ئەو کارەمان کردووە نە لەداهاتوودا دەیکەن بەڵکو بەو بڕە پارە کەمەی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بۆمان بڕابووەوە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەکەمان قنیاتمان کردبوو، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە بەپێی بڕیاری لیژنەیەك کە نەدەزانین کێن و بێ ئەوەی بێن سەردانی ئۆفیسی ڕۆژنامەکەمان بکەن ئەو بڕە پارەیە هێندە کەمکراوەتەوە وەك ئەوە وایە بڕابێت چونکە نەك بەشی دەرکردنی یەك ژمارەی ڕۆژنامەیەك ناکات لەمانگێکدا بەڵکو بەشی چاپکردنی هەزار دانە کاغەزی چلورە ناکات!!! ئێمە دەپرسین ئەم بڕیارە چی دەگەیەنێت و چ ئامانجێك لە پشتییەوە خۆی مەڵاس داوە؟ ئایا ئەو حکومەتە دامەزراوەیی و کۆمەڵە مەدەنییەی هەموو ڕۆژێك باسی دەکەین لە هەنگاوی بڕینی مینحەی ئەم ڕۆژنامانەوە دەست پێدەکات؟ لەکاتێکدا بودجەکەمان هێندە کەمە ڕووم نایەت لەبەردەم سەرۆکی حکومەتدا باسی بکەم و ڕووشم نایەت بڕەکەی ئاشکرا بکەم نە بادا ببمە جێی گاڵتەی هەندێ کەس کەلەسەر ئەو بڕە ئێجگار کەمە شەڕ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەکەم؟ ئەگەر سەرۆکی حکومەت سەیری ڕۆژنامەکەمان و سەیری بودجەکەمان بکات نە بڕوا دەکات بەو بڕە پارەیە دەرمان کردبێت نە بڕوا دەکات ڕۆژنامەیەکی واباش بەو کوالێتە بەرزە هی توانای ئەم ژمارە گەنجە کەمە بێت کە هیچمان تەمەنمان نەگەیشتۆتە 30 ساڵ!!!! ئێمە منەتمان بە هیچ لیژنەیەك نییە بێ سەیری وسولات و شێوازی سەرفکردنی بودجەکەمان بکات بەڵام ئایا ئەو لیژنەیە هاتن بۆ ئۆفیسی ڕۆژنامەکەمان تا بزانن ئێمە چۆن کارەکانمان دەکەین؟ ئایا ئەوان هاتن بزانن چۆن ڕۆژنامەکەمان دەردەکەین؟ ئایا ئەو لیژنە بەکام پێوانە و بەکام یاسا و ڕێسا بودجەکەیان کەمکردینەوە؟ من ڕۆژنامەیان پیشان دەدەم مینحەکەی چوار هێندەی مینحەکەی ڕۆژنامەکەی ئێمەیە ئەو ڕۆژنامەیە 12 لاپەڕە دەردەکات کەچی (نێوەند) لە 20 لاپەڕە پێکهاتووە (هەندێك جاریش بە 24 لاپەڕە دەرچووە) !!کەچی مینحەکەی نەك کەم نەکراوەتەوە بەڵکو بەڵێنی زیادکردنیان پێدراوە!!! کەواتە عەدالەتی ئەو لیژنەیە لە کوێیە؟ من لیستێکی دوورو درێژم لەبەردەستدایە لە مینحەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی حیزب یان بەرپرسێکی حیزبیی لە پشتییەوەیەتی کە مینحەیەکی خەیاڵین و یەك سەنتیان لێ کەمنەکراوەتەوە، گۆڤارێکی مانگانە دەزانم مینحەی یەك مانگی ئەو گۆڤارە دەکاتە مینحەی یەك ساڵ و حەوت مانگی بودجەکەی ئێمە پێش کەمکرنەوەی ئێستا کە کەمکراوەتەوە لەوانەیە بگاتە مینحەی سێ ساڵی ڕۆژنامەکەی ئێمە!!!! ئەی ئەو لیژنەیە بۆچی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە نابینێت؟!!! من لێرەوە داوا لەسەرۆکی حکومەت دەکەم هەڵوێست وەربگرێت و وەڵامی ڕوون و ئاشکرای داخوازییەکەمان بداتەوە لە زیادکردنەوەی مینحەی ڕۆژنامەکەمان بۆ ئەندازەی پێویست لەگەڵیدا قەرەبووی ئەو چەند مانگەمان بۆ بکرێتەوە کە بەکەمکراوەیی بڕی دیاریکراوی ئەو مینحەیەمان وەرگرتووە، پاشان هەر لێرەوە داوا لە نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەکەم لە ئاست ئەم هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی وڕۆژنامە ئەهلییەکان بێنە دەنگ وهەڵوێستی ڕوون وئاشکرای خۆیان بەیان بکەن.

ستیڤان شەمزینانی – سەرنووسەری ڕۆژنامەی نێوەند
لەبری تێکڕای ستافی کاری ڕۆژنامەی نێوەند

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.